مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەهەند و ئاڕاستەکانی چۆنایەتیی ژیان

Dimensions and directions of how to live

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە جوان اسماعیل بکر**

بەشی کۆمەڵناسیی / کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

*Ismail_juan@yahoo.com*

**توێژەر دانا لطیف جلال**

قوتابی ماستەر لە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

*Dana.shwany@ymail.com*

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٩/٥/٣

القبول: ٢٠١٩/٦/٢٨

النشر: هاوینی ٢٠١٩

Doi: 10.25212/lfu.qzj.4.3.2

**الكلمات المفتاحية:**

Life, how to live, the objective dimension, the

**پوختە**

ئامانجمان لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە ڕەهەند و ئاڕاستەکانی چۆنایەتیی ژیان بخەینەڕوو کە بنەڕەتە سەرەکییەکانی تێگەیشتنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو پرسە پێکدەهێنێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئامانجەدا دەکرێ پرسیارە سەرەکییەکەی توێژینەوەکەمان بخەینەڕوو بەم چەشنە: ڕەهەند و ئاڕاستەکانی چۆنایەتیی ژیان چ ڕۆڵێکی هەیە لە پێکهێنانی تیۆریی بۆ تێگەیشتن لەو پرسە، چونکە پرسی چۆنایەتیی ژیان لە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان بایەخی زۆری هەیە، ئەم توێژینەوەیەش ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە تێگەیشتن و فراوانکردنی ڕەهەند و ئاڕاستە تیۆرییەکانی، هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەکارێت خوێندنەوەیەکی شیکاریی_تیۆرییانە بۆ ڕەهەند و ئاڕاستەکانی چۆنایەتیی ژیان

بكات، چونکە چۆنایەتیی ژیان چەمکێکی بەرفراوانە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پرسەکانی تەندروستیی گشتی، ڕەوشی دەروونی، ڕێژەی سەربەخۆیی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بڕوا کەسییەکانی تاك و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژێت، هەیە و ئاڕاستەکانی چۆنایەتیی ژیانیش هەمەچەشنن، گەر پێشتر تەنیا لە یەك ئاڕاستەدا باسی لێوەکرابێت، هەنوکە ئەو ئاڕاستانەی بایەخی پێ دەدەرێت هەمەچەشنن و تاڕادەیەك دەکرێ بگوترێت هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەوە هەیە بوونەتە بەشێك لە ئاڕاستەکانی چۆنایەتی ژیان.

**وشە سەرەکییەکان**: ژیان، چۆنایەتیی ژیان، ڕەهەندی بابەتی، ڕەهەندی خودی، ئاڕاستەکانی چۆنایەتی ژیان.

subjective dimension ،
how to live

## پێشەکی

پاشخانە مێژوویی و تیۆرییەکەی چەمکی چۆنایەتیی ژیان، دووروودرێژە و بۆچوونی هەمەچەشن و تاڕادەیەك جیاوازیش لەو بارەیەوە بوونی هەیە، بەڵام چۆنایەتیی ژیان یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە دوو تویّی ئەم چەند دەیەی دوایی پتر بایەخی پێدراوە و لە کایە جیاوازە زانستییەکایشن خراوەتە بەر شیکردنەوە و ڕەخنەلێگرتنەوە، چۆنایەتیی ژیان لەو چەمکانەیە کە لەلایەن هەموو کەسێك، بێ بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە بەکاردەهێنرێت، چونکە زۆربەی جار لە پێناسەکردنێکی قووڵ و وردی ئەم چەمکە هەڵدێن(Eldin and others, 2013: 87). چۆنایەتیی ژیان چەمکێکی سەدەی بیستەم نییە، بەڵکو مێژووی بەکارهێنانی بۆ سەردەمی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە کە باس لە پەیوەندی نێوان چۆنایەتیی ژیان و خۆشبەختی بەها خودییەکانی تاك دەکات. چەمکی چۆنایەتیی ژیان تاڕادەیەك لە سەدەی بیستەمەوە بۆتە جێی سەرەنجی بیرمەندان(McCall, 1975: 229). هەڵبەت پێش ئەمەش، چەمکی چۆنایەتیی ژیان لە ئەدەبیاتی فەلسەفیی یۆنانی دێریندا بایەخی پێدراوە و فەیلەسوفە دێرنەکانی یۆنان لە باسی بەختەوەرییدا پێیانوایە ژیانی ئەقڵانی مەرجێکی سەرەکییە و بەختەوەریی چێژێکی عەقڵانییە کە دەتوانین ئەم چێژە لە کاتیی پەیبردن بە ڕاستییەکان وەربگرین ، بەڵام هێدی هێدی شێواز و

ئەو پانتایەی بۆتە جێی سەرەنجی چۆنایەتیی ژیان گۆڕانی بەسەردا هات، هەر بۆیە دەکرێت پۆلینبەندییان بکەین لە سێ گۆشەنیگای جیاواز؛ یەکەم: لەم گۆشەنیگایە چۆنایەتیی ژیان تەنیا لە گەشەسەندنی ئابوورییەوە تەماشا دەکات. لە ناوەراستی سەدەی بیستەم لە هەر شوێنێك ئابووری گەشەی بسەندایە، ئەوا چۆنایەتیی ژیانیش وەك ئەدگارێکی ئەو گەشەسەندنە دەبینی و باس دەکرد، هەر لەبەرئەوە تاکو پێش گەشەسەندنیشی، ئابووری پێودانگی ژیانی باش دانرابوو ئەم پێودانگەش پلەبەپلە ڕووبەڕووی پرسیار دەبۆوە و لەم ڕووەوە، گەشەسەندنی ئابووری پەیوەست بە چۆنایەتیی ژیان ببووە پێودانگی هەڵسەنگاندنی ئاستی ژیان، ئەم گۆشەنیگایە تاڕادەیەك تا دەیەی حەفتای سەدەی بیستەم درێژەی کێشا. (غفاری و امیدی، 2009 :2)، بەڵام لە ساڵی 1972 ڕووبەڕووی چەند پرسیار و ڕەخنەیەك بۆوە. پرسیارەکەش ئەمەبوو ئەگەر گەشەسەندنی ئابووری پێودانگی چۆنایەتیی ژیانە، کەواتە مەترسییەکانی گەشەسەندنی ئابووری و سوودوەرگرتنی بێ چەند و چوون لە سەرچاوە سروشتییەکان دەکرێ چۆن ئاراستە بکرێت؟ دووەم: بەهۆی ئەم ڕەخنە و پرسیارەوە کۆمەڵێ ناوەندی ئەکادیمیی وەك زانکۆکان بایەخیان بە ژینگە و هەستی تاکەکان بەرامبەر ژیان و هەروەها بەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی گوزارشت لەم هەستە دەکەن دا. لەمە بەدوا کایە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانیش هاتنە نێو چەمکی چۆنایەتیی ژیانەوە، بە چەشنێك چەندین توێژینەوەی ڕووپێووی هەمەچەشن لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵناسیی ئەنجامدراو و ئەم پرسیارە سەرەکییەیان وروژاند کە ئاخۆ مرۆڤەکان لە جیهانێکی ئاوادا چ خەیاڵ و تێگەیشتنێکیان هەیە. ئەم وەرچەرخانە بە باشی ئەوە دەخاتەڕوو کە بایەخدان بە چەمکی چۆنایەتیی ژیان لە ئاستە بابەتییەکانەوە (Object) بەرەو ئاستە خودییەکان (Subject) ڕووی وەرچەرخاند. **سێیەم**: سەربارى بایەخدان بە گەشەسەندنی ئابووری و ڕووکردنە لایەنە خودییەکان، بەڵام گۆشەنیگای سێیەمی ئەم چەمکە پەیوەستە بەو بایەخپێدانە هەمەلایەن و پێداگرییە قووڵە بە چەمکگەلێکی وەك سەرمایەی کۆمەڵایەتی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و پەشێویی. لەم توێژینەوەیەدا بەوردی باس لە ڕەهەندەکانی چۆنایەتیی ژیان کراوە، بەتایبەت ڕەهەندی خودی و ڕەهەندی بابەتی و ڕەهەندیی تێکەڵاو بۆ چۆنایەتیی ژیان، جگەلەوەش شەنوکەوی ئەو ئاڕاستە جیاوازانە کراوە کە بایەخ بە چۆنایەتیی ژیان دەدەن.

## یەکەم: ڕەهەندەکانی چۆنایەتیی ژیان

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە چۆنایەتیی ژیان هەیە بەتایبەت لەڕووی تێگەیشتنیان بۆ لایەنی خودیی یان بابەتیی چەمکی چۆنایەتیی ژیان، هەربۆیە دەکرێ ئەو جیاوازییە فیکرییە بۆ چەند گرووپێك دابەش بکەین:

**گرووپی یەکەم:** کۆمەڵێ بیرمەندی وەك (بۆنکە، شیپوور، دیانا و لیندا) تەنیا بەشێوەیەکی خودییانە لە پرسی چۆنایەتیی ژیان دەڕوانن.

**گرووپی دووەم:** کۆمەڵێ بیرمەندی وەك (گێرسۆن، فیرێس و مارانس) تەنیا بەشێوەیەکی بابەتییانە لە پرسی چۆنایەتیی ژیان دەڕوانن.

**گرووپی سێیەم:** کۆمەڵێ بیرمەندی وەك ( فیلیپس، هەنت و مەککاڵ) کە بە پێچەوانەی هەردوو گرووپەکەوە پێیانوایە کە دەبێ فراوانتر لە پرسی چۆنایەتیی ژیان بڕوانرێت، هەم لایەنە خودییەکە و هەم لایەنە بابەتییەکە پێویستە بەیەکەوە بایەخی پێ بدرێت.

لەم توێژینەوەیەدا بە وردی لەسەر هەر سێ ئاڕاستەکە ڕادوەستم و نزیکییان بە زانستە کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵناسیی بەتایبەتی دەخەمەڕوو بەم چەشنەی خوارەوە:

### 1. ڕەهەندە خودییەکانی چۆنایەتیی ژیان

چۆنایەتیی ژیان بە هەست و چاوەڕوانی و بۆچوون و بیرورِا و خەیاڵەکانی تاکەوە پەیوەستە. ئەمە بەو مانایەی کە بەدڵنیاییەوە دەبێت خودی کەس، بەگوێرەیی دیدی ئەو نەك تاکەکە، پێگە و شوێنگەکەی دەستنیشان بکرێت، لەبەرئەوە توێژینەوەکانی بواری چۆنایەتیی ژیان هەڵسەنگاندنی خودی تاك لە سەلامەتی یان باشبوونەکەی فاکتەرێکی بەهێز دەبێت(نارنجات، 2008: 57_58). پیترا بونك (2007) بۆ تاوتوێکردنی چۆنایەتیی ژیان لەڕووی خودییەوە بایەخ بەم بابەتی ڕازیبوونی تاك لە ژیان دەدات، ئەو پێیوایە چۆنایەتیی ژیانی کۆمەڵگایەك لەڕاستیدا ڕەنگدانەوەی خودییانەی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە زەمینەی ڕازیبوون بە ژیان (bohnke,2007: 192).

بەدیدی کامنس (2000) چۆنایەتیی ژیانی خودی وەك چەمکێکی فرەڕەهەند ناساندووە. بە دید ئەو ئەم چەمکە لە حەوت کایە پێکهاتووە کە هەموو کەسێك بەگوێرەی ئەو بایەخەی کە هەر کایەیەك لەو کایانە بۆ ئەو هەیەتی هەڵیدەسنگێنێت، لەبەرئەوە ئەم حەوت کایەیە قورسایی هەمەچەشن و جیاوازی بۆ هەر کەسێك هەیە. گرنگترین ئەو کایانەی بواری چۆنایەتیی ژیان لەڕووی خودییەوە بەم چەشنەیە :1. ئاسوودەیی جەستەیی 2. تەندورستی 3. بەرهەمهێنەر 4. دۆستایەتی .5. ئاسایش 6. کۆمەڵ یان جڤات 7.ئاسوودەیی سۆزدارەکی(Chipuer et al, 2002: 80) .

شۆسلەر و فیشەریش (1985) پێیانوایە کە لایەنی خودیی چۆنایەتیی ژیان بۆ دەربڕینی دۆخە وابەستەییەکان و ڕازیبوون بەکاردەهێنرێت وەك هەستی کەسیی بۆ خۆشگوزەرانی، ڕازیبوون یان ڕازیبوون لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیان یان خۆشحاڵی و ناڕەحەتی. (Schusessler and Fisher,1985: 135). لەڕاستیدا بەگوێرەی پێناسەکەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییش (WHO) کە پێیوایە چۆنایەتیی ژیان تێگەیشتنی تاکەکانە لە شوێنگە و پێگەکەیان لە ژیاندا، ئەویش بە بایەخدان بە ناوکۆیە کولتووریی و ئەو سیستەمە بەهاییەی کە تێیدا دەژێن. لەم دۆخەدا، پەیبردنی تاکەکان لە ژیان لە پەیوەست بە ئامانج و چاوەڕوانیی و بۆچوونەکانیان دەبێت (Who 1993)، وەك دەبینین ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی زۆر بەرفراوانانە لە چەمکی چۆنایەتیی ژیان دەڕوانێت و دەشێ بڵێین تێکەڵەیەکە لە سەلامەتی فیزیکی، دۆخی دەروونیی، ئاستی سەربەخۆیی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆچوونە کەسییەکان و پەیوەندی ئەم فاکتەرانە بە تایبەتمەندییە ژینگەییەکانەوە. ئەمانە هەمووی گوزراشتن لەوەی کە ئەم چەمکە لە دیدی ئەو ڕێکخراوەوە لایەنێکی خودییانەی هەیە و وەك ئەزموونی خودی، چۆنایەتیی ژیان هەڵسەنگاندن و پەیبردنی تاکە لە ڕووداو و ئەو وەڵامە سۆزدارەکییانەی کە بەم ڕووداوانەوە پەیوەست دەبن (Chipuer et al, 2002: 68).

لە هەمان کاتدا، لیندا و دیانا(Diana and Lynda,2005) پێیانوایە خۆشگوزەرانی خودی ئامرازێکە بۆ ناسینی چۆنایەتیی ژیان. ئەوان لایەنە خودیی، دەروونیی و فیزیکییەکانی کەسایەتیی مرۆڤ دەخەنە بەر تاوتوێکردنەوە و کاریگەری ئەم ڕەهەندانە لەسەر بەشی خودی چۆنایەتیی ژیان دەخەنەڕوو. فاکتەرە بابەتییەکانی وەك داهات و شوێنی نیشتەجێبوون و پەروەردە بەپێچەوانەی تایبەتمەندییە خودییەکان ڕۆڵێکی لاوازتر و کەمتر دەگێڕن لە باسەکانی پەیوەست بە چۆنایەتیی ژیان لە توێژینەوەکانی ئەفکاس و مارۆن (Diana and Lynda,2005: 17).

## 2. ڕەهەندە بابەتییەکانی چۆنایەتیی ژیان

بیرمەندانی ئەم بوارە وەك (گێرسۆن، فیرێس و مارانس) تەنیا جەخت لەسەر لایەنە بابەتییەکانی چۆنایەتیی ژیان دەکەنەوە، هەرچەندە ژمارەی ئەم توێژەرانە یەکجار زۆر نییە، بەڵام توانیویانە ڕێچکەیەکی جیاواز بگرنەبەر و پێیانوایە کە ڕەهەندە بابەتییەکانی چۆنایەتیی ژیان باشتر دەتوانێ و تەنانەت ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی ئەم چەمکە شی بکرێتەوە. ئەم توێژەرانە سوود لە کولتووری هەر کۆمەڵگایەك وەردەگرن بۆ شیکردنەوە و پێوانەگرتنی چۆنایەتیی ژیان (غفاری و امیدی،2009: 75). هەروەها ئەم توێژەرانە پێیانوایە پێویستە لەڕووی بابەتییەوە چۆنایەتیی ژیان لە دوو بواردا قسەی لەسەر بکرێت ئەوانیش:

مجلة قەڵای زانست العلمیة
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### أ: بواری کەسیی

ئەم ڕەهەندەی چۆنایەتیی ژیان هەموو ئەو گۆڕاوانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی تاك بە هەلومەرجی تایبەتی ژیانی خۆییەوە وەك توانای پێویست بۆ سوودمەندبوون لە ژیانێکی ئارام و بێکێشە پێناسە دەکەن. گرنگترین ئەم هەلومەرجانەش بریتیین لەمانە:

ـ خۆشگوزەرانی ماددی: هەبوونی ئیش و داهاتێکی گونجاوە.

ـ خۆراکی گونجاو و پێویست.

ـشوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو: لە توێژینەوەکانی چۆنایەتیی ژیان تا ئەو کاتەی بە شوێنی نیشتەجێبوونەوە پەیوەست دەبێت، کۆمەڵێ نیگەرانی و دڵتەنگی پەیوەست بە هەلومەرجی ژیانی توێژە هەژارەکانی پەراوێزی شار، شوێنی نیشتەجێبوونی نەگونجاو و بەرتەسك بوونی هەیە.

ـ ژیان لە ژینگەیەکی گونجاو: ژینگەیی گونجاو بۆ ژیان دەبێت ئەم هەلومەرجانە لە خۆبگرێت:

1. هەوا و ئاوی پاك و دەستگەیشتن بە سروشت بە ئاسانی.
2. هەبوونی ئاسایشی فیزیکی: نەبوونی تاوان و تاوانکاری و توندوتیژی و کۆنترۆڵکردنی بە یاسای گونجاو و دەستەبەرکردنی گرێنتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە ئەویش لە ڕێگەی سیستەمێکی دادوەری چالاك و بێ خەوشەوە.
3. دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەك پەروەردە و تەندروستی و دەرمان و خزمەتگوزاری گشتیی وەك گواستنەوەی گشتی و ئاو و خزمەتگوزاری کولتووری و دەستەبەکردنی شوێنی گونجاو بۆ وەرزشکردن. (Gerson, 1976: 798)

### ب: بواری کۆمەڵایەتی

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ژیانیشی پەیوەندی بەوانیترەوە هەیە و لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا، پەیوەندییەکەی درێژەیی هەیە. ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی چۆنایەتیی ژیان، هەموو ئەو هەلومەرجانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەندی تاك بە ئەوانیتر لە خێزان و لەو دەزگایانەی کاری تێدا دەکەن یان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەندامن تێیدا و لە کۆمەڵگا و لە پەیوەست بە حکومەت و دەوڵەت پێناسەدەکەن. گرنگترین ئەم گۆڕاوانەش بریتیین لە:

- ژیانی خێزانیی ئارام.
- دەستەبەرکردنی شوێنی کاری گونجاو.
- جقات و چۆنایەتیی ئەو پەیوەندیەی کە لەو جقاتەدا هەیەتی. ئەویش پەیوەندی بە دراوسێ و خەڵکی شوێنی کار.
- هاورێ و کەسوکارییان و ڕیژەی ئەو دڵنەرمی و متمانە دوولایەنەی نێوان تاك و ئەوانەی کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی تاك دیاری دەکەن.
- ئاسایشی سیاسی: دەستەبەرکردنی ئازادی و مافە سەرەکییەکانی تاك، وەك ئازادی ڕادەربڕین و سوودمەندبوون لە مافەکانی وەك مافی پێشکەوتن و مافی پەیوەندی و مافی بەدەستهێنانی زانیاری و مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگ.
- ئاسایشی کۆمەڵایەتیی و ئابووری(Ferriss, 2004: 42) .

### 3. ڕەهەندە تێکەڵاوەکانی (بابەتی و خودی) چۆنایەتیی ژیان

ئەم ئاڕاستەیە تێکەڵەیەکە لە هەردوو ئاڕاستەی خودیی و بابەتیی چۆنایەتیی ژیان و ڕوانگە دیدێکی سەرتاپاگیرتریان بۆ ئەو چەمکە هەیە. فرانس (1996) پێیوایە لەڕووی مانابیەوە چۆنایەتیی ژیان هەم جەستەییە و هەمیش خودیی، بەڵام لایەنە خودییەکەی تێیدا زاڵە. چۆنایەیی ژیان بە پەیبردنی تاك لە خۆشگوزەرانییەکانی خۆی دەزانێ و پێیوایە ئەگەر تێگەیشتنی تاك لە چۆنایەتیی ژیانی تووشی کێماسی و کەمی هێنا، ئەوان تەواوی تایبەتمەندییەکانی تری ژیانیشی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کێماسییە و دواجار دەبێتەهۆی لەناوچوونی چۆنایەتیی ژیانیان. (Ferrans, 1996: 36)

ڕەهەندی سێیەمی چۆنایەتیی ژیان کە پێی دەوترێت ڕەهەندی تێکەڵاو گرنگترین بەشی و جۆری چۆنایەتیی ژیانە، چونکە بۆ کۆمەڵناسەکان بایەخی زۆری هەیە. هەروەها چۆنایەتیی ژیان لە ڕووی خودی و بابەتییەوە پێداگری تەنیا لەسەر کۆڵەکە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ناکاتەوە، بەڵکو پێداگری لەسەر دەستکەوتەکانی سیاسەت و ئەو کاریگەرییەی کە تاکەکان لێی وەردەگرن دەکاتەوە، بۆ نموونە ئیسکەیپ (2000) ئاڕاستەی خۆشگوزەرانی وەرگرتووە کە چۆنایەتیی ژیان یەکسانە بە ڕیشەکێشکردنی هەژاری و

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزکردنەوەی ستاندارەکانیی ژیان. هەروەها لە چوارچێوەی شیکردنەوەیەکی سیستەماتیکانە، چۆنایەتیی ژیان لەڕووی خودی و بابەتییەوە ئەو ئاڕاستە و ڕەوتەیە کە ئاماژە بە توانا و بەهێزیی تاکەکان دەکات بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتووییان لەڕووی دەستگەیشتن بەو ئامانجانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا هەیانە، لەم ئاڕاستەیەدا، مرۆڤ سەنتەری هەموو پەرەسەندنەکانە و پرسیاریش لەمەڕ چۆنایەتیی ژیان دەبێت پەیوەستی بە ویستەکانیی مرۆڤ و تێرکردنیانەوە هەبێت.

ئەو خاڵە گرنگەی کە دەبێ لێرەوە بیخەینە ڕوو بریتییە لەوەی تاکەکان هەمەچەشنن و داهێنانە کولتووریی و ڕەزامەندییان هەرگیز ناکرێ لەو ئامانج و ئامرازانە جیا بکرێتەوە کە توانای شیرازەیی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکەن، بایەخدانی ڕووت بە چۆنایەتیی ژینگەیی ژیان لە گرنگترین بابەتەکانە، چونکە هەم دیاریکەریی هەلومەرجەکەیە و هەم هۆکاری ڕەزامەندی خودیی تاکەکانە. لەم ڕووەوە، هەر تێگەیشتن و ناساندنێك سەبارەت بە چۆنایەتیی ژیان دەبێت پشت بەم سێ پێوەر و بنەمایە ببەستێت:

١_پرسە کولتوورییەکان
٢_بنەما زانستییەکان
٣_بایەخدان بە سوودوەرگرتن لە ژینگە و بەرزکردنەوەیی هەلومەرجە ژینگەییەکان( غفاری و امیدی، 2009: 6)

فیلیپس (2006) تاوتوێی ڕەهەندە کەسیی و بەکۆمەڵییەکانی چەمکی چۆنایەتیی ژیانی کردووە ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ڕەهەندە خودیی و بابەتییەکان پێکەوە. لە دیدی فیلیپس، چۆنایەتیی ژیانی کەسیی لەڕووی بابەتییەوە بریتییە لە ویست و پێداویستییە سەرەکییەکان و سوودمەندبوونە لە سەرچاوە ماددییەکان ئەویش لە پێناو ویستە کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیان، بەڵام لە ڕەهەندە خودییەکانی چۆنایەتیی ژیان ئاماژە بە هەبوونی سەربەخۆیی کردار دەکاتەوە بەتایبەت لەو زەمینە و کایانەی خوارەوە:

- زیادبوونی خۆشگوزەرانی خودیی وەك چێژوەرگرتن، ڕەزامەندی، هەبوونی ئامانج لە ژیان و گەشەسەندنی کەسیی.
- گەشەسەندن و چرۆکردن لە ڕووی بەختەوەرییەوە.
- بەشداریکردن لە هەموو ئاستەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها چۆنایەتیی ژیان لەڕووی ڕەهەندی تێکڵاوەوە پێداگری لەسەر جێگیربوونی ژینگەی فیزیکی و کۆمەڵایەتیی و سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو گروپەکان و ئەو کۆمەڵ و گرووپانە دەکاتەوە کە تێیدا دەژێن وەك تەبایی مەدەنی، یەکانگیربوون و هەبوونی پەیوەندییەکی تۆڕئاسا و بەرفراوان و هەبوونی پەیوەندییەکی کاتیی لە نێو تەواوی ئاستەکانیی کۆمەڵگا و نۆرم و بەهاکانیی وەك متمانە و ڕەفتاری ئەوانیتر و دڵسافی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازی (Phillips, 2006: 242). جگە لەوەش، چەمکی چۆنایەتیی ژیان خۆی چەمکێکی فرەلایەن و فرەڕەهەندە و تەنیا لایەنە ماددییەکانیی ژیان ناگرێتەوە. پێوانەکردن و پەیبردنی کۆمەڵێ هۆکاری کولتووریی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و ژینگەیی لەخۆدەگرێت. بەو چەشنە، تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگاش ڕۆڵییان هەیە. ئەوەی چۆنایەتیی ژیان چۆن پێناسە دەکەن، خۆی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵك لە کوێ دەژێن، چ کارێك دەکەن و چ سەرچاوە و بنەچەیەکی نەژاد و کولتووریيان هەیە. لە هەمان کاتدا، چەندین هەوڵیش دروستبووە تاکو فاکتەرە دیاریکەرەکانی چۆنایەتیی ژیان بتوانرێ پێناسە بکرێت. هەندێ لە خاوەن بۆچوونەکان لە بری باشتربوونی لایەنی خودی، خۆشی، ڕەزامەندی و ژیان باش بەکاردەهێنن لە کاتێکدا تەواو دڵنیان کە چۆنایەتیی ژیان بە چ مانایەکە. ئەم چەمکە پتر بە مانای ڕەزامەندی و ئاستی ژیانە ئەویش بە بایەخدان بەو پێناسەیەی کە هەر چەشنە باشتربوونێکی ئاشکرای ژیان دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی چۆنایەتیی ژیان لە هەر بارودۆخێکدا، هەرچەشنە گۆڕانێکی ئەرێنی لە ئاماژە ئابووریی و-کۆمەڵایەتیەکان، چۆنایەتیی ژیانیش باشتر دەبێت. پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی چۆنایەتیی ژیانی خودیی لە نێو نەتەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکان بە سەرەنجدان لە هەلومەرجی ژیان، سیستەمی بەهایی و کولتووره جیاوازەکانیان دەبێتە گرفت. بەشێوەیەکی گشتی، هەر ئاماژەیەك کە خەریکی پێوانەکردنی چۆنایەتیی ژیان دەبێت، دەبێت لەخۆگری کۆمەڵێ هۆکار بێت کە خۆشگوزەرانی مرۆیی باشتر دەکات یان بەرز دەکاتەوە. بەم چەشنە، لەبەرئەوەی چاوەڕوانییەکانی تاکەکانیش لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکان یەکسان و هاوشێوە نییە. ئاماژە جیاوازەکانیش دەبێت بەکاربهێنرێت تاکو چۆنایەتیی ژیان بخرێتە ژێر هەڵسەنگاندنەوە، ئەو ئاماژە هاوبەشەی کە لە دیاریکردنی چۆنایەتیی ژیان بەکاردەهێنرێت لەخۆگری دوو شێوەی خودیی و بابەتییە. پێوەریە بابەتییەکان شایەنی هەستپێکردن و لایەنەکانیی پتر جەخت لەسەر ژیان وەك هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دەکەنەوە. ئەم شێوازانە کە پتر پێداگری لەسەر توانا ماددییەکانە، پشت بە گۆڕاوەکانیی داهاتی نەتەوەیی، ڕێژەی تێربوون و وەڵامدانەوەی پێویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و هاوشێوەکانیەتی. لە لایەکی تر، پێوەرە خودییەکانی هەڵسەنگاندنی چۆنایەتیی ژیان دەپەرژێتە سەر هەڵسەنگاندنی هەستەکان لە ژیانی تایبەتیاندا و ئەوەی خەڵك چۆن وێنایەکییان لە ژیانی خۆییان هەیە و ئەوەش خۆی لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕەزامەندی

یان خۆشی تاکەکانیی کۆمەڵگا شایەنی پێوانەکردنە. لە هەلومەرجی نموونەییدا، پێوانەکردنی هەردوو ئاماژە بابەتی و خودییەکان دەگرێتەوە. لەو ڕێگەیەوەیە کە وێنایەکی گشتگیر لە هەلومەرجی ژیانی تاکەکانیی کۆمەڵگا دەکرێ بەدەستبهێنرێت و بەگوێرەی ئەو بنەمایەیە کە پلاندانەران دەتوانن بۆ توێژە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگا خەریکی بەرنامەرێژیی بن. (Hunt,1997: 208)

هەروەها واقیعەت و هەلومەرجە بابەتییەکانی کۆمەڵگا و دۆخی ماددی ژیانی تاکیش ڕۆڵی دەستنیشانکەری لە چۆنایەتیی ژیاندا هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لە پێشچاوبێت کە مرۆڤ بونەوەرێکە بەگوێرەی وێناکردنە خودییەکانی خۆی لە واقیعەت دەژێت و ڕەفتارەکانیشی کاریگەرە بە تێگەیشتنە خودییەکان و ئەو پەیبردنەی کە لەواقیعەت هەیە و ئەم تێگەیشتن و پەیبردنانەش، لەگەڵ واقیعەت تەبا و یەکڕەنگ نین، وێڕای ئەوەش، وێناکردنی خودیی و تێگەیشتنی هەر تاکێك لەبارەی واقیعێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکتر جیاوازی هەیە. بەم چەشنە، دەکرێ بڵێین کە تێگەیشتنەکانمان لە هەلومەرجی بابەتیی و واقیعەکانیی ژیانە کە هەستەکانمان لەبارەی ژیان و چۆنایەتیی ژیان دروست دەکات، کەواتە ئەم کەسە دەبێ واهەست بکات چۆنایەتیی ژیانیی داواکراوە یان نا. تێگەیشتنی تاکەکان لەم بارەیەوە لەگەڵ یەکتر هاوشێوە نییە. بەم چەشنە، لەوانەیە بکرێ ئەنجامگیری بکرێت کە لە نێوان هەڵسەنگاندنی گەنجان بۆ واقیعەکانیی ژیان و ویستراوەکانی، لەگەڵ ئەوەی دایك و باوکیان و بەرپرسانی کۆمەڵگا بۆیان دادەنێت جیاوازیی هەیە و ئەم کەلێنە بەردەوام ڕوو لەبەرفراوانبوون بووە و قوڵتریش دەبێتەوە، بەڵام واقیعەت لەوەش گرنگترە کە دەروونناسان و بیرمەندانیی مێشك و دەمار و توێژەرانی زانستی پێمان دەڵێن کە تێگەیشتن و وێناکردنە خودییەکان و بەمانایەکی وردتر، مۆدێلە خودییەکان دەکرێ بگۆڕدرێت. (McCall, 1975:235)

مارانس (Marans,2011) بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی چۆنایەتیی ژیان بەتایبەت لە بواری ژیانی خەڵك لە شارەکان دوو ئاڕاستەی سەرەکی باس دەکات: **یەکەم** پێکدێت لە کۆنترۆڵکردنی چۆنایەتیی ژیان لە ڕێگەی کۆمەڵگا لەو ئەدگارانەوە کە لە داتاکانەوە وەرگیراون بەتایبەت ئەو داتایانەی لە سەرژمێرییەوە کۆدەکرێتەوە وەك ئاستی داهاتی خێزان و ڕێژەی تاوان و ئاستی پیسبوون و خووگرتن و شوێنی نیشتەجێبوون و نرخەکەی ئەمانە هەمووی دەچنە چوارچێوەی ڕەهەندی بابەتییەوە. **دووەم** کە پێکدێت لە مۆدێلسازی پەیوەندییەکانی نێوان تایبەتمەندییەکانی ژینگەیی شار و پێوانەگرتنی هەڵسەنگاندنە خودییەکان لە قەڵەمڕەوەکانیی چۆنایەتیی ژیان خەڵکدا کە پێکدێت لە ڕەزیبوون لە دیاردە تایبەتەکان و لە ژیان وەك گشتێك. ئەم ڕوانگەیە بە ڕوانگەیەکی خودیی لەقەڵەم دەدرێت. لە ئەنجامدا ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت پلەبەندکردنی ئاستی پەیوەندی نێوان ڕەهەندە خودیی و بابەتییەکانی تاکەکانە، لەبەرئەوەی پەیبردن و لێ

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێگەیشتنی، پێویستی بە بەرنامەرێژییە. هەروەها دەكرێ لە سیاسەت و بەرنامە تایبەتەكان بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی تاكەكان دەبێ بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێت (Marans, 2011: 3).

دواجار دەكرێ بڵێین بایەخدانیی لەڕادەبەدەر بە چۆنایەتیی ژیان وەك دنیابینییەكی تێكەڵاو هۆكارێكی سەرەكیی بووە بۆ ئەوەی كایەكانی تویژینەوەی فراوانتر و زۆرتر بێت، بۆ نموونە هێكەر لە تویژینەوەكەی خۆی سەبارەت بە نەخۆشیی و كاریگەری لەسەر چۆنایەتیی ژیان باس لە سێ پانتایی دەكات ئەوانیش پانتایی فیزیكی و دەروونی و كۆمەڵایەتییە.(Lynda and Diana, 2005: 18)

## دووەم: ئاڕاستەكانی چۆنایەتیی ژیان

لەڕاستیدا ئاڕاستەكانی چۆنایەتیی ژیان فرە و هەمەچەشنن و هەر كۆمەڵناسێك بەگوێرەی تێگەشتنی خۆی و ئەو كۆمەڵگایەی كە توێژینەوەی لەبارەوە دەكات، ئاڕاستەكان دیاری دەكات، بەڵام دەكرێ بڵێین تاڕادەیەك زۆربەیان لەسەر ئەوە كۆكن كە ئاڕاستەكانی چۆنایەتیی ژیان بریتییە لەم پێنج ئاڕاستەیەی خوارەوە، كە دواجار ئەو ئاراستانە بەشێوەیەكی وردتر لە فۆرمی پێوانەكەمان ڕەنگ دەداتەوە:

### 1. ئاڕاستە كۆمەڵناسییەكان

بەبڕوای گێرسۆن (Gerson,1974) دوو ئاڕاستەی سەرەكیی لە بواری توێژینەوەی چۆنایەتیی ژیان لە زانستە كۆمەڵایەتییەكان و كۆمەڵناسیی بەتایبەتییدا هەیە كە هەر یەكەیان ئەم چەمكە بەشێوەیەكی جیاواز شی دەكەنەوە. ئەم دوو ئاڕاستەیەش بریتیین لە ئاڕاستەی تاكگەرایانە و ئاڕاستەی باڵایی (transcendental). ئاڕاستەی تاكگەرایانە لەو مانایەی گێرسۆن ئاماژەی پێ دەكات، هۆكاری كاریگەر لە دیاریكردنی چۆنایەتیی ژیان بریتییە لە چالاكیی و دەستكەوتە كەسییەكان، دەستكەوتەكانی وەك زاڵبوون بەسەر ژینگەی ژیان، بەتایبەت توانای زاڵبوون بەسەر هەژاریی و بەدبەختیی و ئازادبوون لە كۆت و بەندی بەربەستەكان. بەشێوەیەكی گشتی، ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر لەپێشێتیی تاك بەسەر كۆمەڵگا دەكاتەوە و ئارەزووی پاراستنی ئازادییە كەسییەكان و ڕزگاربوونی تاكە لەو گیروگرفتانەی كە لە هەلومەرجی ئازادی بێ سنوور بۆ خۆی دێنێتەكایەوە (Gerson, 1976: 794). لە بەرامبەردا، ئاڕاستەی باڵایی جەخت لەسەر پەیوەستبوونی كەسیی و ئەركی كۆمەڵایەتیی دەكاتەوە. لەم ئاڕاستەیە پێداگری لەسەر بایەخی وەفاداری و شێوەكانی تری یەكانگیریی دەكرێتەوە و بەرژەوەندی كۆمەڵایتیی و بەرژەوەندی گشتیی و لەپێشێتیی كۆمەڵگا بەسەر تاكەوە جێی سەرەنج و بایەخپێدانە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ئاراستەی تاکگەرایانە، چۆنایەتیی ژیان لە ڕێگەی پێوانەکردنی ڕێژەی سەرکەوتووی تاك لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی، وێرای هەبوونی بەربەستگەلی جیاواز تاوتوێ دەکرێت. قوتابخانەی هزری سیاسیی لیبرالیزم نموونەیەك لەم ئاراستەیە کە جەخت لەسەر مافی ژیانکردن و ئازادبوون و خۆشحاڵبوونی تاك دەکاتەوە و بیریارانی ئەم ڕەوتەش بریتیین لە لۆك (John Luke) و جێفەرسۆن (Jefferson) و ئادام سمیس (Adam smith) کە چەمکی چۆنایەتیی ژیان ڕاستەوخۆ بەگوێرەی باڵاتربوونی دەستکەوتە کەسییەکان بەرامبەر پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکەن. (Gerson, 1976: 800). وێڕای ئەوەش، چەمکی چۆنایەتیی ژیان لە ئاراستەی باڵایی بەردەوام بە پێوانەی ڕێژەی پاراستنی پێگەی کەسیی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانتر پێناسە دەکرێت. لە دیدی گێرسۆن، پێداگری ئاراستەی باڵایی هەمیشە لەسەر چییەتی سیستەمی کۆمەڵایەتییە. بەگوزارشتێکی تر، تا ئەو شوێنەی کە سیستەمی کۆمەڵگا بەرفراوانتر بەشێوەیەکی گونجاو جێگر ببێت، چۆنایەتیی ژیانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە تا ئەو شوێنەی لە توانایاندایە بۆ سوودگەیاندن بە کۆمەڵگا هەوڵ بدەن و ڕەزامەندی خۆیان لە خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتیی درێژە پێ بدەن.

لە کاتێکدا هیچ یەك لەو دوو ئاراستەیە ناتوانن خۆیان لە بەستێنی دیدی تاکهۆکاری بۆ چۆنایەتیی ژیان دەرباز بکەن، گێرسۆن پێیوایە دەبێت ئاراستەیەکی تر بخرێتەڕوو کە تێیدا تاکەکان و کۆمەڵگا یەکتر لە ڕێگەی پرۆسەیەکی بەردەوامەوە بەرهەمبهێنێتەوە. ئاراستەیەکی لەم چەشنە لە دیدی گێرسۆن هۆکارە بۆ پێناسەکردن و ناساندنی چۆنایەتیی ژیان بەگوێرەی ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم ڕەوتە. بە دیدی ئەو پرسی چۆنایەتیی ژیان پەیوەست دەبێت بەوەی کە چ پێوەرگەلێك بۆ پەیوەستبوون بە دەزگای کۆمەڵایەتیی دەبێ بەکاربهێنرێت و لە بەرامبەردا، چۆن ویستەکانی تاك لە ڕێگەی ئەم پێوەرانەوە بەردەست دەخرێت. بەم چەشنە، پرسی چۆنایەتیی ژیان لە دیدی ئەو بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە و بەربەستەکان دەگەڕێتەوە (Gerson, 1976: 804).

جگەلەوەش، بیگیلۆ و هاوکارانی (Bigelow et. all,1991) پێیانوایە کە چەمکی چۆنایەتیی ژیان لەڕووی کۆمەڵایەتیی بریتییە لە هێنانەکایەوەی پەیمان یان کۆدەنگییەك لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکان لە کۆمەڵگادا کە ئەو پێداویستییانە لەڕێگەی ئەو دەرفەتانەوە دەستەبەردەبێت کە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیی تاك تێیدا دەژێت دەخرێتە ڕوو. لەهەمان کاتدا، کارلێکی نێوان کەسەکان بەمانایەك گوزارشتە لە ڕازیبوونی تاکەکان لەو ڕۆڵ و پاڵپشتییەی لە بواری کۆمەڵایەتیی دەیگێڕن. (Bigelow, McFarland and Olson, 1991: 44_45).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2. ئاراستەی دەروونناسانە

دەروونناسەكان تاك بە یەكەی توێژینەوەی خۆیان لە قەڵەم دەدەن و پلەی پێویستی چۆنایەتیی ژیان لە رێگەی كامڵبوونی كەسایەتیی تاكەوە دیاری دەكەن و پێیانوایە ئەمە لە پێناو درووستبوونی پەیوەندییەكی تەندروست لە نێوان چۆنایەتیی ژیان و كەسایەتیی مرۆڤ دەكەن. رووكردنەوە دەروونناسییەكانی چۆنایەتیی ژیان پتر پێداگری لەسەر جیاوازییە كەسییەكان لە شێوەی بیركردنەوە و هەستكردن لەبارەی رەفتاری خۆیان دەكەنەوە. هەر بۆیە ئەگەر چۆنایەتیی ژیانی تاك نزم بێت ئەوە رەنگدانەوەی بێ توانایی تاكە لە دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ خێزان و دەوروبەری (Sirgy, 2016: 113-114).

لە لایەكی دیكە، لە روانگەی دەروونناسییدا مرۆڤەكان كۆمەڵێ ویستی ماددی و نامادی زۆرییان هەیە و ئەم پێداویستییانەش دەكرێ بە چەندان شێوەی جیاجیا تێر بكرێن. ئەوكاتەی پێداویستییەكانی مرۆڤ دەستەبەر ناكرێت ئەوا هەستی بەختەوەرییەكەشی تارادەیەكی زۆر كەم دەبێتەوە. لە دەروونناسیی كۆمەڵایەتیی چۆنایەتی ژیان بە كۆمەڵێ پێداویستیی مرۆڤەوە پەیوەستە كە دەبی تێر بكرێن؛ جا پێدوایستییەكان بەهێز بێ یان لاواز، باش بێت یان خراپ، ئەرینی بێت یان نەرینی ئەگەر دەستەبەر بكرێت چۆنایەتییە ژیانییەكەشی بەرز دەبێتەوە و بە پێچەوانەوەش. بۆ نموونە لە روانگەی زیلەر (zilar, 1974) چۆنایەتی ژیان بە خۆهەڵسەنگاندنەوە پەیوەستە و ئەم هەڵسەنگاندنەش بەنۆبەی خۆی بە كارلێكی تاك لەگەڵ ئەویترەوە پەیوەستە. لە كارلێكە ئەرێنییەكان لەگەڵ ئەویتر، ئەنجامێكی كاریگەری لەسەر چۆنایەتی ژیان لەلای تاكەكان زیاد دەكات. لەبەرئەوەی كەسە كۆمەڵایەتییەكان رێزێكی زۆر لە خۆیان دەگرن، بەڵام كەسە نامۆكان تووشی گۆشەگیری دەبن و بروایان بە خۆیان نییە. بەدیدی زیلەر، رێزگرتن لە خود جۆرە هەستێكە كە ناكرێ لەرێگەی تاوتێكردنی دۆخەكانی وەك خۆشحاڵی و رەزامەندی پێوانە بكرێت. بەم چەشنە، لە تیۆری زیلەر چۆنایەتی ژیان راستەوخۆ بە رێژەی رێزگرتن لە خودی تاك پەیوەستە. بە كورتی ئەگەر تاك رێزێكی زۆر لە خۆی بگرێت، رێژە و ئاستێكی باڵای چۆنایەتی ژیانی بۆ دەستەبەر دەبێت و بە پێچەوانەوە (Schussler and Fisher,1985: 141).

## 3. ئاراستەی ئابووری

تیۆر و تێگەیشتنە ئابوورییەكان پێداگری لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە لە رێگەی ئەوانەوە تاكەكان لە رووی عەقڵانییەوە سەرچاوەكان بۆ پركردنەوەی پێدوایستییەكانیان بەكاردەهێنن و بەم چەشنەش ئەوەی پێی دەوترێت سوود بۆ مرۆڤ بەرهەمی دەهێنن. ئابووریزانەكان ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی گرتنەبەری ئامرازی گوونجاو لە پێناو سوودگەیاندن بە مرۆڤ لە رێگەی بەرهەمهێنانەوە بایەخی پێ دەدەن. لە نێو تیۆردارێژەرانی ئەم بوارە لیۆ(Liu,1976) یەكێكە لە و كەسانەی كە هەوڵی داوە چەمكی چۆنایەتی ژیان لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارچێوەی گشتیی تیۆری بەرهەمهێنان بهێنێتە نێو شیکردنەوە ئابوورییەکان. هەوڵێکی تر کە بەتێروتەسەلی لە کایەی تیۆرە ئابوورییەکان لەسەر چۆنایەتی ژیان دروستبووە پەیوەستە بە کارەکانی جاستەر و هاوکارانی (١٩٨١) کە بەدوای دروستکردنی پردێك بوون لە نێوان کەلێنن لە شێوەی بیرکردنەوەی ئابووریزانەکان لەبارەی هەستی بەختەوەری ماددی و شێوەی بیرکردنەوەی زانایانی کۆمەڵایەتی دیکە بەرامبەر بەم ڕاستییە (Juster et.all, 1981: 23). بەشێوەیەکی گشتی لەم کایەدا، پرسی سەرەکیی بەرزکردنەوەی چۆنایەتی ژیانە ئەویش لە ڕێگەی سەرچاوە ئابوورییەکانەوە.

## 4. ئاڕاستەی ئیکۆلۆژی

کۆمەڵناسی لە زانکۆی شیکاگۆ بە جەختکردنەوە لەسەر ئیکۆلۆژیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە **دروستبوو**. بەشێوەیەکی گشتی ئیکۆلۆژیا پێداگری لەسەر شێوەی دابەشبوونی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان (چۆنایەتیی ژیان) لە شوێن و کات دەکاتەوە. بەسوودوەرگرتن لەم ڕوانگەیە، ئیکۆلۆژیستەکان بایەخ بە دوو بابەتی سەرەکیی دەدەن کە بایەخێکی زۆری هەیە لە شیکردنەوەی چۆنایەتیی ژیان ئەوانیش؛ **یەکەم**: دابەشکردنی چالاکییەکان لە شوێن و کات و لە ژینگەی شاریی چۆن دەبێتە هۆی یان ڕێگری دەستگەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان؛ **دووەم**: ئەم شێوە دابەشکردنە چۆن کاریگەری لەسەر ئەزموونی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە، دادەنێت. بۆ نموونە ئەو چەمکانەی ئیکۆلۆژیستەکان سوودی لێ وەردەگرن بریتیین لە ئاسوودەیی، چاودێری، هێرشبردن و ئارامی، هاوسەنگی سروشتیی و تەبابوون لەگەڵ ژینگە. ئاسوودەیی بەمانای ژیانی هاوبەشیی ئۆرگانیزمە نالێکچووەکانە و هێرشبردنیش بەمانای چوونی نەژادێك بۆ گرووپێك لە تاکەکانی ناوچەیەك و بەجێهێشتنی ناوچەکە لەلایەن خەڵکە ڕەسەنەکەوە. هاوسەنگی سروشتیی بەمانای پەیوەندی نێوان گیا و گیانەوەر و ژینگە لەو شێوەیەدایە کە هاوسەنگی ژینگە بپارێزرێت بەجۆرێ کە بونەوەرەکان ببنە تەواوکەری یەکتر. لە شیکردنەوەی ئەم جۆرە لە پەیوەندییە ئیکۆلۆژیستەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مانا و تەبابوون لەگەڵ ژینگەی بونەوەرەکان لەگەڵ یەکتر یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی مانەوەی تۆڕی ژیان لە ژینگەدا(مختاری، نظری،2010: 105).

هەروەها ئاڕاستە ئیکۆلۆژیکییەکان جۆرێك تێروانینی تێکەڵاو بەکاردەهێنن، چونکە لەم ئاڕاستەیەدا **ڕەهەندە** فیزیکی و کۆمەڵایەتییەکانی چەمکی چۆنایەتی ژیان لەگەڵ یەك تێکەڵ دەکرێن. بە دیدی بایولز و هاوکارانی (boils et.all, 1980) لە ئاڕاستەی ئیکۆلۆژی چۆنایەتی ژیان وەك توخمێك لە پرۆسەیەکی گشتیی دەبینرێت کە تێیدا هەر توخمێك لە بەردەم کاریگەری توخمەکانی تردایە، لێرەوە دەگوترێت کە چۆنایەتیی ژیان بە ئیکۆلۆژیا و ژینگەوە پەیوەستە و بەم چەشنە ئەو خووە گشتییانەی دەبنە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆی دابەزینی ئاستی چۆنایەتیی ژیان دەگۆڕدرێن و پەراوێز دەخرێن. ئاراستەی ئیکۆلۆژی پێداگری لەسەر پەیوەستبوونی دوولایەنەی توخمە بێ گیان و گیاندارەکان دەکاتەوە. ماڵبێراس (malberas, 1982) لەو تیۆردارێژەرانەیە کە لە ئاراستەی ئیکۆلۆژی پۆلینبەندکراوە. ئەو چۆنایەتی ژیان وەك لایەنێك لە پرۆسەی ئیکۆلۆژی لەبەرچاوگرتووە و وەك توخمیك لە تەك رەهەندە ئیکۆلۆژییەکان پێناسەی دەکات. لە دیدی ئەو چۆنایەتی ژیان و ئیکۆلۆژیا وەك وەرگر و بەخشەر کاردەکەن. ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دووانە بەم چەشنە دەست پێ بکات کە ئیکۆلۆژیا بەخشەر و چۆنایەتیی ژیانیش وەرگر بێت لە قۆناغی دواتردا چۆنایەتیی ژیان دەبێتە بەخشەر و ئیکۆلۆژیا دەگۆڕدرێت و ئەم سورانەوە بازنەییە درێژەی دەبێت. لەم شێوە بازنەییەدا، چۆنایەتیی ژیان بەدرێژایی کاتەکان تووشی گۆڕان دەبێتەوە. (Schuessler and fisher,1985:142_143)

### 5. ئاراستە پزیشكییەكان

ئەم ئاراستەیە پشت بە دیاریکردنی پێنوێنەکانی چۆنایەتیی ژیان دەبەستێت کە لەلایەن پزیشك و پسپۆرانی پزیشکی بایەخی پێ دەدرێت لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان ئەویش لە پێناو بەرزکردنەوەی چۆنایەتیی ژیانیی نەخۆشەکان بەگرتنەبەر و پاڵپشتییکردنی دەروونیی و کۆمەڵایەتییان. (البصری و حسین، 2017:243)

لەلایەکی تر، چۆنایەتیی ژیان لەم ئاراستەیە بەمانای پێشکەوتن لە ژیانی تاکەکان ئەویش بەهۆی چاودێرێکی چڕی بەرنامە پزیشكییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری جیاواز کە کاریگەریی ئابووریی زۆری لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتیی تاکەکان بەجێنەهێڵێت، چونکە پێنوێنی چۆنایەتیی ژیان لەم ئاراستەیە بریتییە لە قسەکردن لەسەر جیاوازیی چۆنایەتیی دۆخ و کێماسییەکانی نەخۆشیی و نەخۆش. (عزب، 2004: 581)

### ئەنجام

ئەمرۆ پرسی چۆنایەتیی ژیان بۆتە یەکێك لە پرس و چەمکێکی سەرەکی نێو ئەدەبیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی بەتایبەتی. لەم ڕووەوە قسەکردن لەبارەی ڕەهەندەکانی چۆنایەتیی ژیانیش تێگەیشتنی هەمەچەشن هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی زۆربەی کۆمەڵناسان و پسپۆڕان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕەهەندەکانی چۆنایەتیی ژیان بریتیین لە ڕەهەندی بابەتی و ڕەهەندی خودیی و ڕەهەندی تێکەڵاو کە ڕەهەندی بابەتی بۆ پرسی چۆنایەتیی ژیان پتر بایەخ بە کاریگەرییە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییەکانی سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکەکان دەکاتەوە کە لە شوێنکاتێکەوە بۆ شوێنکاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها ڕەهەندی خودیش پتر پێداگری لەسەر پرسە دەروونییەکانی ژیانی تاکەکان دەکاتەوە و ئەو کارتێکەرانەش شی دەکاتەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی چۆنایەتیی ژیانیان، بەڵام هەرچی ڕەهەندی تێکەڵاوی چۆنایەتیی ژیانە، لە یەککاتدا بایەخ بە پرسە خودیی و بابەتییەکان دەدات و پێیوایە کە ناکرێت لەیەك جیا بکرێتەوە و هەرکات دابەزین و داکشان لە چۆنایەتیی ژیان لە هەر ڕەهەندێك ڕووبدات کاریگەریی لەسەر ڕەهەندەکانی تریش دادەنێت و ئاستەکانی چۆنایەتیی ژیان بەرەو داکشان دەبات. هەروەها ئاڕاستەکانی چۆنایەتیی ژیانیش هەمەچەشنن، ئاڕاستەی کۆمەڵناسانە بایەخ بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی سەر ژیانی تاکەکان دەدات بەتایبەت لەڕووی داهات و پەروەردە و جۆری پیشە و ئەو بڕوا کۆمەڵایەتییانەی سەبارەت بە ژیان هەیە، بەڵام ئاڕاستەی دەروونناسانە گرنگی بە دەستەبەرکردنی کەشێکی دەروونی ئارام و هێمن بۆ تاکەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کیشە دەروونیانەی ڕووبەڕووی تاکەکان دەبێتەوە، دەدات. ئاڕاستەی پزیشکیش بایەخ بە لایەنە پزیشکی و تەندروستییەکەی تاك دەدات لەڕووی سەردانکردنی پزیشك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە جەستەیەکان. هەروەها ئاڕاستەی ئابووریش جەخت لەو پەیوەندیی دوولایەنە دەکاتەوە کە لە نێوان بەختەوەریی و لایەنی ماددیدا هەیە، ئەویش بەگەڕانەوە بۆ تێگەیشتنە ئابوورییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی لەڕووی ئابووری. پشپۆڕانی ئاڕاستەی ئیکۆلۆژیش پێیانوایە کە چۆنایەتیی ژیان بە ئیکۆلۆژیا و ژینگەوە پەیوەستە و بەم چەشنە ئەو خووە گشتییانەی دەبنە هۆی دابەزینی ئاستی چۆنایەتیی ژیان دەگۆڕدرێن و پەراوێز دەخرێن، جگە لەوەش ڕەفتار و بایەخی مرۆڤ بەرامبەر بە ژینگەی دەرووبەرییان شی دەکاتەوە.

## پەراوێزەکان

[1] ئەم پەیپەرە، بەشێکە لە نامەی ماستەری قوتابی "دانا لطيف جلال" لە بەشی کۆمەڵناسی بە ناونیشانی: "چۆنایەتیی ژیان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر" بە سەرپەرشتیی بەڕێز: پ.ی. د. جوان اسماعيل بكر(زانکۆی سەلاحەدینی هەولێر).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٣ )، صيف ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

1. البصري، نصير عبد الرزاقو حسين، فاطمة جمال (2017) مؤشرات جودة الحياة في مدينة النجف الاشرف (دراسة تحليلية لإحياء منتخبة من مدينة النجف الاشرف)، مجلة القادسية للعلوم الإنسانية، **المجلد** 20 :**الاصدار** 3 :**الصفحات** 286-239 .
2. عزب، حسام الدين محمود(2004) برنامج إرشادي لخفض االكتئابية وتحسين جودة الحياة لدى عينة من معلمي المستقبل.المؤتمر العلمي السنوي الثاني عشر .جامعة عين الشمس بمصر.الفترة من 00 -02 مارس 2004 . فعال فی https://www.univ-eloued.dz/images/memoir/file/M.S-055-01.pdf

### دووەم: سەرچاوە بیانییەکان

أ: سەرچاوە فارسییەکان

1. دورانت، ويل (2002) سلسله جلدهای تاریخ تمدن، مشرق زمين گاهواره تمدن، مترجمان عسکری پاشایی، امیرحسین آریانپور،احمد آرام ، نشر شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
2. عبدی، عباس و گودرزی، محسن (1999)، تحولات فرهنگی در ایران، تهران: نشر روش.
3. عیسی زاده، ا.، آهار، ح.، طهماسبی، ف.، منوچهري، ا.، شهنار، ع .ا . 1393 .تحلیل کیفیت زندگی در دو بافت قدیم و جدید شهر مراغه با بهره گیري از مدل هاي آنتروپی و الکتر .فصلنامه آمایش محیط، سال . 1 - 18. ششم .شماره26
4. غفاری، غلامرضا و امیدی، رضا (1388)، «کیفیت زندگی شاخص توسعه اجتماعی»، تهران: نشر شیرازه.
5. مختاری، مرضیه و نظری، جواد. (1389)، جامعه‌شناسی کیفیت زندگی، تهران: انتشارات جامعه‌شناسان، چاپ اول.
6. نارنجات، سحر (1387)، «کیفیت زندگی و اندازه‌گیری ان»، مجله تخصصی اپیدمولوژی ایران، دوره 4، شماره2.

7. هادي، اسماعيلي و فواد، ايزدي (2014) ،هويت فرهنگي و كيفيت زندگي: تحليل گفتمان ماهنامه «مرزهاي نو» در دهه 1340 با تكيه بر اسناد موجود، نشريه تحقيقات فرهنگي ايران ، دوره7 ، شماره ; 2 از صفحه 1 تا صفحه. 24

### ب: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. Bigelow DA[1], McFarland BH, Olson MM. (1991). Quality of life of community mental health program clients: validating a measure. Community Ment Health Journal, 27 (1): pp43-55.
2. Bohnke, P. (2007). “Does Society Matter? Life Satisfaction In The England Europe”, Social Indicators Research, No 87: 189-210.
3. Chipuer, H.M., et. al. (2002). "Determinants of subjective quality of life among rural adolescents: a development perspective", Social indicators research, No 61: 79-95.
4. El Din, H.S., Shalaby, A., Farouh, H. E., Elariane, S. A, (2013), Principles of urban quality of life for a neighborhood, Housing and Building National Research Center (HBRC), No 9, pp 86-92.
5. Ferrans, C. (1996). "Development of a conceptual model of quality of life", Scholarly inquiry for nursing practice: An international journal, No 10 : 151-158.
6. Ferriss, A. L. (2004). The Quality Of Life Concept In Sociology. Journal Of The American Sociologist, 35 (3): Pp. 37–51.
7. Gerson ,E. M. (1976). ” on quality of life” . American sociological Review. Vol.41 (5): 793-06.
8. Hunt S. 1997. Defining quality of life: the practical importance of conceptual clarify- technical, ethical and interpr
9. Juster, F. T. , Courant, P. N., Dow, G. K. (1981). The theory and measurement of wellbeing: A suggested framework for accounting and analysis. In Social Accounting Systems: Essays on the State of the Art, ed. F. T. Juster, K. C, Land, pp. 23-94. New York: Academic
10. Lynda, L., Diana, E. (2005) .“A Concept Of Quality Of Life”, Journal Of Orthopedic Nursing, No 9.
11. Marans, R., W. (2011). Investigating Quality Of Urban Life: Theory, Methods, And Empirical Research, Springer: New York.
12. McCall, S. (1975), Quality of life. Social Indicators Research 2, 229-48 .
13. Phillips, D. (2006). Quality Of Life: Concept, Policy and Practice. London: Rutledge Publications.

14. Schusessler, K.F., Fisher, G.A (1985). "Quality Of Life Research And Sociology", Annual Review Of Sociology, No 76: 129-149.
15. Sirgy, J. (2016). The Psychology of Quality of Life, Springer Dordrecht Heidelberg London.
16. Who Qol Group (1993). Measuring Quality Of Life: The Development of The World Health Organization Quality Of Life Instrument, Geneva: World Health Organization.

## الملخص

هدفنا من هذا البحث هو تباين الاهداف والتوجهات المختلفه لجودة الحياة كونها من الاساسيات الرئيسية في ادراك العلوم الاجتماعية بصددها، وسلطنا الضوء على هذا الهدف وقد تم طرح سؤالنا الرئيسي لهذا البحث كالاتي: هل الاهداف واتجاه لجودة الحياة لها دور اساسي في التكوين النظري للفهم في هذا الموضوع ؟ لكون جودة الحياة من اواسط العلوم الاجتماعية لها اهميتها كثيرا، وهذا البحث له اهمية عاليه في التفهم الشاسع في اتجاهات النظرية، ويكون البحث هنا القراءة التحليلية والنظرية لكيفية توجهات الحياة ولها علاقة خاصة بالخصوصيات الصحية للحياة في مجال الحالة النفسية ونسب الحريات والعلاقات الاجتماعية وايمان الفرد في البيئة الاجتماعية التي يعيش فيها والتوجهات الحيثية في الحياة المتنوعة. فقد كان البحث للباحثين من قبل في اتجاه واحد .اما الان وفي زمننا هذا الاتجاه له اهتمام خاص وواسع الى درجة اصبح جزء في التوجيه لحياة افضل.

## Abstract

Our aim of this research is to share the goals and orientations of different qualities of life, that forms the basis for realizing the Social Sciences. Highlighted on this goal has been asking the question the main research agencies: do the goals and directions of the quality of life have any key roles in the configuration of the theoretical understanding in this subject? Because of the quality of life in social science is significant, this research has a major role in understanding and exploring its directions and theories, and this research can review the qualities of life as theoretical analysis. Since the quality of life is such a major issue and is directly connected to public health, mental state, independence rate, social relations, individual beliefs, and its social environment. And orientations of the qualities of life vary. If the previous researches have always been one-way, now in our own time, this trend no longer has this special attention, to the point it has become a part of the guidance for a better life.